KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 23:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## له 31 مین سال رۆژی لەسێدارەدانی خاله شهاب و هەڤالانی دا، کێ بو پەتی لەمل کردن؟ ... خالید هەرکی



2007

له 31 مین سال وەگەری لەسێدارەدانی کەلە پیاوانی رێبازی کوردایەتی ومرۆڤایەتی زیندو کەرەوانی گیانی هەلگیرساندنەوەی شۆرشی نوێی گەلەکەمان شەهیدانی سەرکردە خالە شهاب (شهاب نوری سالح) وجعفر عبدالواحد و کادری پێشکەوتوی کۆمەلە انور زۆراب کە بە دروشمی کەم بژی و کەل بژی چونە بەر پەتی سێدارە لە قەسابخانەکەی ئەبو غرێب بەم دروشمەیان گوێچکەی جەللاد و پۆستال رەشانی بەعسیان کاس دەکرد وگیانی بەرخۆدانیشیان بە میلەت دەبەخشی، لەم رۆژەدا سەری ریزو نەوازش لە ئاستیان دادەنوێنم ئەگەر بۆشم بلوێ بەچەند دێرێک ئەم یادە بەرز دە نرخێنم.

ئەمرۆ گەلی کورد بە بەرهەمی رەنج و خەباتی ئەو شەهیدانەو باقی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستانەوە شادو هەساوەیە ئەو دەستە چەپەلانەی ئەم پۆلەشیان شەهید کرد لە دۆزەخ لەگەل نۆکەرانیان سەریان ناوەتە یەک دوای ئەوەی رژێمەکەشیان وەکو ئەوان گۆر بەگۆرو سەرنگوم کرا، ، ئەستەمە کەسێک بتوانێ بە نوسین وێنەی دیرۆک و جەسوری ئەوان بکێشێ، تاقە وەفاو دلسۆزیشمان بۆ ئەوان درێژەدانە بە رێباز وخەباتیان کارکردنە بەو دروشمەی لەدوا هەناسەیاندا پەتی سەربەرزیان دەکردە مل کە کەم بژوی و کەل بژی بو.

له رۆژگارێک کە بێ ئومێدی بالی بەسەر میلەتی کوردا کێشابو ئەوان بۆ دوژمنیان سەلماند کە تا چەوساندنەوەو پێشێلی مافی کورد لە ئارادابێ شۆرش وخەبات بەردەوام دەبێ، ئەوە لە کاتێکدا بو کە دوژمنانی سەرسەختی کورد هەم بەغدا و هەم تاران بە هاوکاری بۆمدیان و بوتەفلیقەی جەزائیر تازە بە پیلانە گلاوە کانیان نسکۆ یان بە شۆرشی کورد هێنابو.

هەردو رژێمی تاران وبەغدا لەوپەری لەخۆ بایی دا بون، کورد یش لە لوتکەی بێ ئومێدی دا دەژیا، ئەو دەمەبو ئەم پۆلە شەهیدە بە هاورێیەتی چەند قارەمانێکی تر بۆ ئامادەکاریی شۆرشێکی نوێ رویان لە هەندەران دەکرد، لێ مەخابن لە سنوری ئێران دەستگیر دەکرێن، بەبیانوی سنور بەزاندن، ئەوکات ئێران بە هەماهەنگی و هاوکاریی رژێمی عێراق راوەدو ی ئەمان وهەندێک لە هاورێیانیان نابو، لێرەو لەوێ هەندێکیان دەستگیر کاران، ئێران هەریەکەیان بە 6 مانگ زیندانی دەکات دوای تەواو کردنی ماوەی زیندانیەکانیان رادەستی رژێمی بەعسی لە ناو چو یان دەکاتەوە، ئەویش حوکمی لە سێدارە بۆ هەر سێ کیان و (6) سا ل زیندانی بۆ هەڤالانی هەریەک لە (ئەرسەلان بایز، عمر سید علی، دارۆ شێخ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاوەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نوری، ، شەهید جبار فەرمان، شەهید انور حسن، علی بچکۆل، فریدون عبدالقادر، خدر عبدالرحمن، ئاوات غفور، سلام...، عدنان شێرزاد، سعدون فەیلی، ابراهیم مراد (لالە برایم) ) دەر دەکات.
کاتێک بریاری سێدارەدان دەردەچێ جۆرج حەبەشی سەرۆکی بەرەی گەلیی بۆ رزگاری فەلەستین کە دۆستایەتیی لەگەل سەرکردەکانمان هەبو بەتایبەت بەرێز مام جەلال ئەو کات سەردانێکی تایبەتی بۆ عێراق دەکات بە مەبەستی رزگار کردنی گیانی هەڤالان دەقی وتەکانی کە بە احمد حسن البکروتبو: (هاتوم تا ئەم سێ هەڤالە لەسێداره نەدەیت، ئەوانە دۆستی ئیمەن بە لە سێدارەدانی ئەمان بە خەراپی کار دەکاتە سەر دۆزی فەلەستین) . ئەویش پێی وتبو: باشە با بەنوسین بەرائەت لە رێکخستنەکانیان بدەن و پەشیمانی خۆیان دەرببرن. دیارە پەشیمانی وبەرائەت لە فەرهەنگی شۆرشگێران جێی نابێتەوە بۆیە جۆرج حبش بە دەستی خالی دەگەرێتەوە. شیهیدان (خالە شهاب و جعفر وانور) یش لە 21-11-1976 دا لە سێداره دەدرێن.
کاتێک هەوالی ئەوەیان پێداین کە بەیانی تەرمی شەهیدان دەگەرێنەوە کوردستان ئێمە بۆ پێشوازی و بەشداری کردن لە ناشتنی تەرمەکان رووو کۆیە چوین خەلکی قارەمانی کۆیە خۆیان لە هەمو کەس شارەزاترن بۆ پێشوازی کردنی رۆلە سەربەرزەکانیان، سەرەرای ئەوەی لە ژێرەوە و بە ئاشکراش سیخورو نۆکەرانی رژێم خەلکیان دەتۆقاند و ترسیان دەدانێ تا بەشداری لەم مەراسیمی ناشتنە نەکەن.
کاتێک تەرمی پیرۆزی شەهید جەعفەر گەیشتەوە شار ی کۆیە پیرو گەنج ژن و پیاو بەیەکەوە رویان لە شەقامەکان کرد من لە دواوە دەرۆیشتم چەندین پارچە وێنەی احمد حسن البکری سەرکۆماری ئەوسام کەوتە بەر پێ وا پێدەچو کە لە ریزەکانی پێشەوە دری بویان، گلەییەکی کورە کۆییەکم لە دل دەرناچێ کە لەسەر بەرێوەبەری فەرمانگەی کشتوکالی کۆیە لای منی چرپاند چونکە خەلکی ناوچەکەی ئێمە بو (مەسیف) وتی بەرێوەبەرەکە وتویەتی (بۆ خائینێکی وا چۆن ئەو هەمو خەلکە دەرژێتە سەر شەقام؟) (بەلام من لێیم نەگرت چونکە کاکی بەرێوەبەر رەفیقی حزبی بو، چەمیش بێ چەقەل نابێ.. بەلام ئەوەی راستی بێ نازانم ئێستا لەکوێ بەرپرسە!)
سالێکی بەسەر نەچو کاتێک بەهۆی ئاشکرا بونی رێکخستنەکانمان (ی.ن.ک) ئێمەش لەگەل چەند هەڤالێکی تر دەستگیر کراین دوای حوکم دانمان رەوانەی هەمان بەندیخانەی ئەبوغرێب کراین، وا رێک کەوت کە هۆلەکەمان هۆلی ق3 کەوتبوە تەنیشت هۆلی سێدارە (هۆلی پەتەکە مان ناو نابو)، لە ژورەکەمان کورێک هەبو بەناوی فیێل الدلێمی خەلکی رومادی بو تابلێی کوری چاک و خاوەن هەست و هەلوێست بو باسی هەمو شتی بۆ دەکردم ماوەی دوو سالێک بەر لەمن لە هەمان هۆل بو، خۆی لەسەر کوشتن بە 20 سال حوکم درابو، سەرەتا کە لە هۆلەکەیان دابەزاندم زۆری حەز دەکرد بزانی من لەسەر کام لایەنە ی کوردی حوکم دراوم دیارە لە ئەنجامی رەفاقەت ولەیەک نزیک بونەوەمان لە و هەڤالانەی پێشتر لە هۆلەکەبون لەوانە مامۆستا خدر عبدالرحمن... هەستێکی بەوە کردبو کە هەردوکمان لە هەمان هێلین، رۆژێکیان ووتی حەزدەکەی ئەوەی پەتی لەمل سەرکردە کانتانی کرد بیناسی؟
ووتم سەرکردەکانمان کێن؟
ووتی شهاب و هەڤالانی؟
هەلوەستەیەکم دایە و ووتم بۆ نا!. بێ دەنگ بو...
رۆژێکیان بەپەلە بەرەو روم هات ووتی سەیری لای راستت کە ئەمە بوو!
ووتم ئەمە کێ بوو؟
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ووتی: ئەوەی پێم ووتی کە پەتی لە مل شهاب و رەفیقانی کرد. ناوی ئەبو دادە! سەر روتێکی رەش پێستی ناشیرن بە خێرا لەژوری سێدارە دەهاتەدەر، رووو ئێمە دەهات... کاتێک گەیشتە بەرامبەرمان فییێل خۆی پێنەگیرا ووتی (گیح اللە حچک مالگێت غیر هالشغلە الکسیفە) ابوداد تومەس گوێکانی لە قولاغ بون گوێبیستی قسەکانی فیێل بو، پێچێکی دایە خۆو ووتی ئەمە لەگەل کێ تە؟. پەلاماری دەستی فەیسەل ی داو پێشەخۆی خست، بردی.. دواى لێدان و ئە شکەنجەیەکی زۆر ماوەی دو هەفتەش لە انفرادیان گلدایەوە.

فییێل لەسەر زاری ابو داد بۆی دەگێرامەوە دەیوت ابوداد ووتی:

کاتێک تورەگەم لە سەری شەهاب کرد تفی لەروم کرد قەبولی نەبو تورەگەی لەسەر بنرێت، نەم وێرا لێی نزیک کەومەوە هەر هاواری دەکرد وا پێ دەچو هیتافی لێ دەدا، قەت ئازای وام نەخنکاندوە گالتەی بە لیژنەکە دەکرد زۆری قسە پێ وتن تەنانەت قسەی بە مەلاکەش ووت (ئەم ابودادەش خۆی زیندانی بو بەلام لە بە ر بەد رەوشتیی ئەم کارەی دەکرد بۆ هەر سەرێک 750 فلس ی وەر دەگرت. دواتر هەوالیم لە برادەرانی زیندانیانی هەشتاکانەوە بیست کە لە لێبوردنە گشتیەکەی 1 979 کە ئێمەی پێ ئازاد کراین لە هاتنەسەر حوکمی دکتاتۆر یێدام دا ئەمی نەگرتبۆوە، بەلام دواتر یاداشتێک بۆ صدام دەنوسێ دەلێ من ژمارەی ئەوەندە خەلکەم لەسێدارەداوە داوای ئازاد کردنی کردبو بە مەرجێ لەشوێن خۆی وەکو کارمەندی بەندیخانە بمێنێتەوە و هەمان کاریش بکات، ئەویش داواکەی قەبول کردبو. )

کوێرایی بۆ ابو داد وسەرجەم دوژمنانی کوردستان ئەوانەی چاویان بەم ئازادیەی کوردستان هەلنایە... هەزاران سلاویش لە گیانتان بەرزەفرانی کوردستان یاد تان هەر زیندو کاروانتان هەر بەرەو پێش ئالاتان هەر شەکاوە.

khalidherki@chello. nl
www. serben. com



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.